# لەیادی 25 ساڵەی مەرگی ( ئۆجین بۆتێە ) نووسینی لینین

## وەرگێرانی: مەحموود محەمەد عوسمان

( بە بۆنەی پێشوازی لە یەکی ئایار ، رۆژی جیهانی چینی کرێکار ، و چرینی ملێونەها کرێکار ، سرووده مەزنەکەی ئۆجین بۆتێە (( ئینتەرناسێونال )) ، بەگوێ سەرمایەداراندا . بە باشم زانی ئێستە ئەم نووسینەی لینین بلاوبێتەوە . هەرچەندە ئەم نووسینە ئەبوایە لە لەگەڵ بەشەکانی تردا بووایە ، کە لە پێشەکێکە نووسیبووم ، دەربارەی لینین و هونەر و ئەدەب . )

لە مانگی دیسەمبەری ساڵی پار ، ساڵی 1912 ، بیست و پێنج ساڵ تێ ئەپەرێ بە سەر مردنی شاعیری کرێکاری فەرەنسی ئۆجین بۆتێە ، دانەری سروودی پرۆلیتاریا ( ئینتەرناسوێنالیست ) ( هەستن ئە هێزی بەش مەینەتان )

ئەم سرووده وەرگێراوە بۆ هەموو زمانە ئۆروپییەکان و زمانەکانی تریش . لە هەر ولاتێک کە کرێکاری هۆشیار بوونی خوی بدۆزێتەوە ، لە هەر کوێ کە قەدەر هەلیگردبێ ، هەرچەند غەریب بێت ، بە هۆی نەزانینی زمانەوە ، بەبێ خزم و ناسیاو ، دوور لە ولاتەکەی ، ئەتوانێ بەهۆی ئاوازی (( ئینتەرناسوێنال )) ەوە ، هاورێ و برادەر بدۆزێتەوە .

هەموو کرێکارانی ولاتە جیاوازەکان ، گۆرانی خەباتگێرە پێشکەوتنخوازەکەیان و شاعیرە پرۆلیتاریاکەیان پێ گەیشت ، و گۆرانییەکەیان کردە سروودێکی پرۆلیتاریای جیهانی .

ئێستە هەموو کرێکارانی ولاتە جیاوازەکانی دونیا ، ئۆجین بۆتێە خەلات ئەکەن . ژنەکەی و کچەکەی زندوون لە ژیاندا ، وەک چۆن خاوەنی (( ئەنتەرناسوێنال )) هەموو ژیانی بە هەژاری بەسەر برد ، ئەوانیش هەروا ئەژین .

بۆتێە لە دایکبووی 4 ی نۆڤەمبەری ساڵی 1816 ە . لە تەمەنی 14 ساڵیدا یەکەم شیعری نووسی ، بەناونیشانی (( بژی ئازادی ! )) . ساڵی 1848 ، بەشداری شەرە مەزنەکەی کرد لە سەنگەرگردن دژ بە برجوازییەت .

بۆتێە لە خێزانێکی هەژار لەدایک بوو ، هەموو ژیانی وەک پرۆلیتاریایەکی هەژار بەسەر ئەبرد ، بژێوی ژیانی لە بارکردن و پرکردنەوەی سندوقەکان و رەسم کردن لە سەر چنین پەیدا ئەکرد .

لە ساڵی 1840 بەدەنگەوەی رووداوە گەورەکانی فەرەنساوە هات ، گۆرانی خەباتگێرانە ئامرازی ( وسیلە ) بوو ، بۆ هۆشیار کردنەوەی خەلکی دواکەوتوو . داوای لەکرێکاران ئەکرد کە یەکریزبن بۆ گورز هاوێشتن لە برجوازی و رژێمە بورجوازییەکانی فەرەنسا .

لە کۆموونەی پاریسی مەزندا بە ئەندام هەلبژێرا ، 3352 دەنگی هێنا لە کۆی 3600 دەنگ . پاشان بەشداری کرد لە جێبەجێ کردنی هەموو کارەکانی کۆموونە ، کە یەکەم رژێمی پرۆلیتاریا بوو .

روخانی کۆموونە ناچاری کرد هەلبێت بۆ ئەمریکا و ئنگلتەرا . لە حوزەیرانی( جون ) ساڵی 1871 ، دوای یەک رۆژ لە ئاپاری خوێناوی ، سرووده بەناوبانگەکەی (( ئینتەرناسێونال ) ی نووسی . ئەگەر دەربرینەکەم راست بێ !

کۆموونە تێکشکا ، بەلام سرووده‌کەی بۆتێە (( ئینتەرناسێونال )) ، بیر و باوەرێکی هەلگرد بۆ هەموو دوونیا ، ئەم سرووده ئێستە لە هەموو کاتێک زیندووترە .

له سالی 1876 که له له مه‌نفا بوو ، هه‌لبه‌ستی ( له کرێکارانی ئه‌مریکاوه بۆ کرێکارانی فه‌ره‌نسا )ی نووسی ، له‌توێ ئه‌و شیعره‌دا ، وێنه‌ی ژیانی کرێکارانی ژێر سته‌می سه‌رمایه‌داری به‌رجه‌سته کردبوو ، له هه‌ژارییان و کاری دژواریان وچه‌وساندنه‌وه‌یان ، و باوه‌ری پته‌ویان ، به سه‌رکه‌وتنێکی نزیک بۆ مه‌سه‌له‌که‌یان .

پاش تێپه‌ربوونی 9 سال به‌سه‌ر کۆموونه‌دا ، ئۆجین بۆتێه گه‌رایه‌وه بۆ فه‌ره‌نسا ، یه‌کسه‌ر چووه ریزی (( پارتی کرێکاران )) وه . یه‌که‌م دیوانی له سالی 1847 بلاوکرده‌وه و له سالی 1887 دیوانی دووه‌م به ناونیشانی (( گورانیه شۆرشگێره‌کان ))

به‌لام گۆرانییه‌کانی تری ئه‌م شاعیره کرێکارییه دوای مردنی بلاو کرایه‌وه .

کرێکارانی پاریس له 8 دیسه‌مبه‌ری سالی 1887 ته‌رمی ئوجین بۆتێه‌یان به‌رێکرد بۆ گۆرستانی بیر لاشیز، هه‌موو ئه‌وانه‌ی له کۆموونه له‌سێداره دران له‌وێ نێژراون .

پیاوانی پۆلیس قه‌سابخانه‌یه‌کیان ریکخست له دراندنی ئالا سووره‌که . جه‌ماوه‌رله ناشتنی ته‌رمه‌که به‌شدار بوون ، له هه‌موو لایه‌که‌وه ده‌نگ به‌رز ئه‌بووه‌وه بژی بۆتێه !

بۆتێه به هه‌ژاری مرد ، به‌لام نه‌مره . یه‌کێک بوو له‌هه‌ره مه‌زنه‌کان ، که به‌گۆرانی خه‌لکی ئه‌وروژان . ئه‌و کاته‌ی یه‌که‌م سرووده‌که‌ی نووسی ، کرێکارانی سۆسیالست له ده که‌س زیاتر مه‌زه‌نه نه ئه‌کرا . به‌لام ئێستا ده‌یان ملێون له پرۆلیتاریا ، گۆرانییه مێژوویه‌که‌ی ئۆجین بۆتێه ئه‌زانن .

له 3 /2 / 1913 چاپکراوه

به‌رگی 22 ، لا ، 273 _ 274